

# جوغرافیای شنۆ

## بەشی (٢)

مارف ئاغایی

**١- بای زریان** : بایەکی ساردە و لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا دێ،هاوینان ناهێڵێ دەغڵودان زۆر وشک بێ وبۆ هەڵاویشتنی خەرمانیش بەکەڵکە

**٢- شەماڵ** : ئەو بایە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا دێ ولە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات دەچێ، مامناوەندی بای شەماڵ ٤٠ کیلۆمیترە لە سەعاتدا کە بۆ گەیشتنی میوە وهەڵاویشتنی خەرمان قازانجی زۆرە. دەرسەدی هاتنی ٨/٩٪ لە ساڵ دایە و کەمترین دەرسەدی هاتنی بایە.

**٣- بای سەڵماس** :بایەکی ساردە ولە شوماڵەوە بۆ جەنووب دێ بەڵام وەکوو بایەکانی دیکە توند نیە.

**٤- بای قوبلە** : لەجەنوو- بەوە بۆ شوماڵ دێ.

مەودای شاری شنۆ لەگەڵ ناوەندی ئوستان ( ورمێ) ٧٢ کیلۆمیترە لەگەڵ شاری نەغەدە ٣٣ کیلۆمیتر ومەودای بۆ خانێ ( پیرانشهر) ٥٠ کیلۆمیترە.

**سێڵاو و ئاودڕگەکان :**

شنۆ لە داوێنی بەرزایەکانی شوماڵ و داوێنی بەرزایەکانی رۆژهەڵات دایە بە سەرنج دان بەلایەنی نشێوی زەوی وزار لە شوماڵی رۆژئاواوە بەرەوجەنووبی رۆژهەڵات دەچێ، بەهۆی بارانی زۆری ناوچە و ئاو وهەوای تایبەتی بەفر لەو بەرزاییانەدا یەکجار ناتوێتەوە بەچەشنێک بەفری کۆن بەفری نوێی بەسەردا دەبارێ

جسنی بەردەکانی ئەو داوێنە ئازەرین وبە ئاو هەڵنامسێن کەئەوەش یەکێک لە هۆیەکانی سێڵاوگری ئەو ناوچەیە ،لەکاتی باراندا پاڵاوەکەی لە رۆژئاواوە، سەربەرەوژێر دەبێتەوە و بەرەو شار وەرێ دەکەوێ و لە بەشی شوماڵی شاردا لافاو پێک دێنێ.

چۆنیەتی ئاودڕگەکانی بەچەشنێکە کە بەهۆی ئاوی باران و تێپەڕبوونی زەمان دوو دەرەی تەبیعی پێک هێناوە کە یەکێک لە شوماڵی ترین بەشی شارە و بەرینایی تەقریبی ١٥ میترو قووڵایی ٧ میترە، لە بەرزاییەکانی شوماڵی غەربی بەرەو جەنووبی شەرقی دێن ولە بەشی شوماڵی غەربی شار تێکەڵ جۆگەی نەڵیوان دەبن .بێجگە لەو دوو دەرەیە لافاودڕێکی دیکەش لەرۆژئاوای شار دەستپێدەکا وتێکەڵ جۆگەی کەرخۆر دەبێتەوە. کاتێک سێڵاو هەڵدەستێ چونکە پانایی جۆگەی نەڵیوان ٣ میترە وقووڵایی ١/٥ میترە ئاوەکە ناکێشێ بە کووچە و کۆڵان وشەقامەکانی شاردا بڵاو دەبێتەوە، زیان و زەرەرێکی زۆر وە خەڵک دەکەوێ.

سێڵاوی دەرەی شوماڵیغەربی پاش تێکەڵ بوون لەگەڵ جۆگەی نەڵیوان بەهۆی کاناڵێکی سەرداپۆشراو دەرژێتە رووباری ئەسڵی شار بەڵام کاناڵەکە رێک نیە

# پەرویزجیهانی



# ئاخ شلێروکێ (١)

ئاخ شلێروک چیایێ بلند هەر هەبی
ل ناڤا دل سلاڤێ مە بوتەبی
هەربمینی شلێروکێ پیر نەبی
چیایێ بلند ، جی،مەسکەنێ کال وباف
نیشتمانێ زور جوانێ گول خوناف

* * *

شلێروکێ جی یێ باف وباف پیرا
چیایێ بلند ئەهەی دیلێ جوت،نیرا
تویی هەما لناڤ مەزی و بیرا
ئەو بینبەرێن تەیە جوان وسەری
دینە بیرا من گەلەک بیرەوەری

* * *

ئەوبینبەرێن تەیەبەدەو ،رەنگ برەنگ
سوسن وبەیبوون وگولێن شوخ وشەنگ
دووری وانا دلێم گەلەک بوویە تەنگ
تا مرنێ ئەزێ بێژم شلێروک
دیاری یاشڤانی یە هەلەکوک

* * *

بینبەرێ تە ئەزێ حەمووکێ بێژم
کولا دلێ خوپێ وانا بریژم
هەرچەند کوئەزسەرکەندا لێ پرلێژ م
ئەزێ بێژم ل هەر دەم ول هەرگاڤ
پەسنا حەموو سورگولێن گرتی خوناڤ

* * *

ئاخ شلێروک ل سەرەتایا بوهار
بایێ " سوراڤا " دکرە زارە زار،
دەما چیا هەڤرا دبرن هەوار
دگون بوهار هات مەها ئاخ لێڤەیێ
زارا دلیست ل سەربەرف وکوشرەیێ

* * *

خال دکەتە پێسیرا چیایێ بلند
تەڤ رەش دبوون حەمووعەردێ دورا گوند
دورا چەما دچلڤلین چەقاس رند
رەش بەلەک وپنی پنی دبوون دەشت
تە دگوقەی پلنگ تێدا دکن گەشت

* * *

ئاخ شلێروک گاڤا عەرد دبووبەلەک
دهاتن کوم کوم پرکێد رەشولەک
ل سەربانا بەرەڤ دبوون وان گەلەک
رەشولەکا ددان مزگینی یا بوهار
ل خەوارا خاش دکرن وان هەوار

* * *

دبرسڤین دوورڤا ئاڤێد کەڤی یا
دخشکین بینا مارا ژهەرجی یا
بەلەک دبوون عەردێ پێسیرا چی یا
دئاڤییا بەرفا حەموو چیا وچول
بێهنا بوهارێ ددا هەردەشت ودول

* * *

خوش دحورمین شەڤێ بوهارێ چەماڤ
هەڤ دکەتن چەم را دبوون وەک سێلاڤ
شەڤەرەشێ بوهارێ بوون بلقەتاڤ
چاڤا چاڤ نەددیت دبووشەڤەرەش
پێرو مێزین ل عەسمانا دبوون گەش

